Postbus 75562
1070 AN Amsterdam

Kantoor:
Pieter Nieuwlandstraat 95

Tel: 020–6935915, fax: 0847331167

# ئەنجومەنی گەنجانی کورد"میدیــــــــا"

# Koerdische Jongeren Raad
# “Midia”

## ڕاگەیاندراوی ئەنجومەنی گەنجانی کورد "میدیــــا" دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردن لە ڕێکەوتی 10 تا 2005/12/15

لە ئەنجومەنی گەنجانی کورد "میدیــــا"وە لە هۆڵەندا
بۆ سەرجەم کوردەکانی دەرەوەی وولات...
بۆ گەنجان بەتایبەتی...

بۆ دیاری کردنی سنوری هەرێمی کوردستان و پاراستنی مافە ڕەواکانمان لە کوردسستانێکی ئازاد، پێویستە بەم شێوەیە خۆمان بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن ئامادە بکەین لە دەرەوەی وولات.

*

هەوڵ بدە لە ڕۆژی دەنگدان پشوو وەرگری، بۆ ئەوەی لە کات و ساتی دیاری کراو ئامادەی بنکەی دەنگدان بیت.

*

پێویستە زانیاری تەواوت هەبێت لە بارەی ئەم لیستەی کە دەنگی بۆ دەدەیت.

*

هەوڵ بدە ناو و ژمارەی لیستەکە بە باشی بزانی. بۆ نمونە لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ژێر ژمارە 730 دێتە هەڵبژاردن لە لایەن دەنگدەرانەوە.

*

پێویستە بزانی کە پێکهاتەکانی لیستی 730 بریتین لە دوو هێزە سەرەکیەکەی کوردستان، کە ئەویشیان یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ چەند پارتێکی تری (کوردی و تورکمانی و ئاشوری) ن.

*

پێویستە لە ڕۆژی دانگدان سەرجەم پسولەکانی پێویست بە دەنگدان لە بیر نەکەیت.

*

Postbus 75562
1070 AN Amsterdam

Kantoor:
Pieter Nieuwlandstraat 95

Tel: 020–6935915, fax: 0847331167

# ئەنجومەنی گەنجانی کورد"میدیـــــــــا"

Koerdische Jongeren Raad
“Midia”

هەوڵ بدە هاوڕێکانیشت ئاگادار کەیتەوە و هانیان بدە لە چوونیان بۆ دەنگدان، بۆ نمونە لە ڕێگەی تەلەفۆن، چات، پۆستی ئەلکترۆنی یان بڕۆ بەسەریان بکەوە بۆ ئاگادارکردنەوەیان.

*

هەوڵ بدە لە پێشەکی بۆ خۆت دیاری بکە چۆن دەڕۆیت بۆ بنکەی دەنگدان، ئەمەش بۆ ئەوەی دوا نەکەوی.

*

ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردن دەتوانی لە ڕێگەی تەلەفۆن و فاکس پەیوەندیمان پێوە بکەیت، بۆ ئەوەی ئێمەش بە پێی پێویست هاوکاریت بکەین.

*

لە کۆتایدا دووبارە داواتان لێدەکەین کە بەشداری لە دەنگدان بکەن و کوردانە و مەردانە بە ئەرکی سەرشانی خۆتان هەستن، ئاگادار بە دەنگدان مافێکی ڕ ەوای خۆتانە پێ شێلی مەکەن.

*

دوا جار بیرت نەچێ بەشداری ئاهەنگی سەرکەوتنی لیستی 730 بکەیت لە دوای تەواو بوونی هەڵبژاردن، کە لە لایەن ئەنجومەنی گەنجانی میدیاوە دێتە ساز کردن.

لیژنەی سەرپەرشتی

ئەنجومەنی گەنجانی کورد "میدیـــا"